# سەماکی پێشمەرگە

بە هاوڕێێ خۆشەوویستم
گۆران عەزیز پێشکەش.

ئەمە سەمای تفەنگێکی یاخییە
کەئێستا ئەچێتە شانی
هەریەك لەئێوە و
پێتان ئەڵێ
ئەورۆژانە من پەلەپیتکەم
لەپەنجەی قڵیشاو ئەستوری
پێشمەرگە دابوو،
هەر بۆئەوەی جانتای کۆڵی
ڕێی قووتابخانەی منداڵانم نەدرێ،
هەر بۆئەوەی پێنووسم لەپیتی خۆیدا نەشکێ و
بەپلە پەیژەی پێشمەرگەدا سەرکەون
ت اگوڵێك لەنێو گوڵدانەکەی
کۆلێژد ادابنێن،
تامانگم بەبووکی
بۆ ئەم شەوی تارۆماری مێژووەم دابەزێ،
من تفەنگێ بووم بێکەس و بێدەر
جگە لەهەستی ناسکی پێشمەرگە
هیچ کەسی دیم نەبوو
لەئامێز خۆیم نێو دەستی نازێ
بە سەرمابێنێ!
من تفەنگێکی بکوژو خوازیاری شەڕو
مژینی خوێنی کەس نەبووم،
من تفەنگێکی تۆڵەی خاکێکی بەکیمیا سووتاو و
بەخەردەل کوێرکراو بووم،
من تفەنگێکی بەرگری ئاتەگی*
ئەم دایکی نیشتمانە و
خەم خۆری ئازاروژانی ئەنفال و
هەڵەبجەو سێوسێنان و
تکە تك چۆڕاوگەی خوێنی دەستو پێ
لە خاچ دراوی پێشمەرگەی زیندانی

نێوتوونی بابای بەعس و
سەردابەکانی ئەژدەهاکەی بەغداد بووم،
من تفەنگێکی ژەنگ هەڵگرتوو گەڕۆك بووم
جگە لەهەستی ناسکی پێشمەرگە
هیچ کەسی دی ترم نەبوو!
دەپێم بڵێن:
ئەوکاتەی کوردوستانم بەم ئازادییە
سك پڕبوو
ئێوە تێکڕا لەکوێ بوون؟!
کێ مامانی ئەم دایکە تاكو تەنهاو بەسوێیە بوو؟
لە پێشمەرگە زیاتر کێ چاوی
فرمێسکێکی سڕینەوە؟
کێ وەڵامی* امشی و اولاك*ە کەی زاری
سەگ و گورگەکانی شاری ئەدایەوە و
بە ڕۆژی نیوەڕۆ
وەك جرجێکی سووتاو گەڕ
کوڕانی عۆجەی لەگەڕەك و شەقامی شاردا
لە خوێند ائەتلانەو ە؟
دەپێم بڵێن ساخەڵکەدەی :
دەپێم بڵێن :
دەپێم بڵێن :
ئەوەتا من لێرەوە تیلەم سەدان خەمی کێوی
لەم هەوارەدا ئەبینێ
ئەوەت امن لێرەوە گوێم
هاواری سەدان ڕووخساری
سووتاو بەگڕەی نامۆبوون ئەبیستێ،
کێ ئەتوانێ تەماشای بەژنی
جوامێرم بکاو ئارەقەی شەرمو بەقا*
بە ڕووخساریا دانەکا ؟
کێ ئەتوانێ  ەژنی جوامێرم
بەبەژنی خۆیبگرێ و
هەر ڕاستەو خۆ لەوێدا
خۆی بەسەدان ئەژنۆبچوکتر نەبینێ ؟
چۆن ئەتوانی تەماشای دییەی کەیت و
خۆت بەقەرزاری ئەم زامە کێوییەنەزانی ؟
ئەوەت امن لێرەوە
بەژنم
سەمای شەهیدی زیندووە
یەکە یەکەی هەمو وفرمێسکێکی
ئەم دایکی نیشتمانە
شاباشیەتیو گۆچانەکەی

دەستی جوامێریش ڕابەر،
ل ەئەسپێکی بەسمکۆڵ وحیلە سور ئەچوو
قژێکی بژوڕیش وسمێڵێکی  تێکەڵو پێکەڵ بوو بەیەکدا
تەنە اتیلەی چاوەکانی ئەپێکرا
لە تۆزو خۆڵو خەڵوەتی دیداریدا،
کێش ئەیزانی؟
بەهەڵ هێنانەوەی هەنگاوێکی ئەو
بەگوڵی ووشەی زاری هێرشی ئەو
گولل ەئەبێتە گرمەی هەوری پەڵەی سەرە بەهار؟!
سارەی ڕۆژێکی بەئەمەگ بوو
بیستم
لەبەرهەیوانی کوختێکی
دوکەڵاوی وپڕباڕژنگدا
وەك‌ئەوەی هاوێرێك *بێو
بەدەم وورکە ووركەوە
بۆدایکی بگەڕێ،
ئەمە قوبەی جوامێرییە و
ترپەی لێدانی دڵی پێشمەرگەش
کۆترەشینکەیەتی و
هەمووەدەم ئێوارانێ
بەسەرییەوە باقەی دێ،
هێشتا پەڵەخوێنی شەهید تەواو نەمەیبوو
بۆسبەینێ *شەو *بووە بووکی پێشمەرگەو
لەکەژاوەی تۆڵەیدا خۆی ئەڕازاندەوە
زاوام دەرزی ئاژنی گوللە
لەڕان وئەژنۆید اهەڵدەپەڕی
تروسکەی ئازاری ئەدا
ل ەتوولەڕێکانو
ڕێگای هەڵهێنانەوەی هەنگاوی لێ ئەبەستنەوە،
کەچی ئەم کوڕی شاخو جەربەزەو
ئەم هەستە ناسکەی پێشمەرگە
ملی بۆئەم ئازار ەکەچ نەکرد،
خۆی نەکرد ەکەوی ماڵی ترسو
دەماخی خۆدزینەوەی نەبەست،
دەنگ هەرزرمەی ئاڕبیجی‌یەو
قرشمی گوللە
ئەمە شاهی ئاگرەو سەرچۆپیش
بەدەستی تفەنگەوە،
لەحیلەو بازی ئەم ئەسپەدا
باجلەوی لێوەرئەگرت
شەپۆل پێڵاوەکانی خۆی لەپێ‌کرد

شاخ بەرزی خۆی دایەو
کوردوستانیش دڵی،
هێندەی نەبرد
ناڵەو زرمەی ئەم هێرشە
بووە پەتێکی سێدارەو
لەگەردنی ئەم دومەڵەی
سەردڵی *یەکماڵە*کرا،
** ** **

کزەبایەك بەلەنجەو نەرمەباڵ دێ
ئەیدا لەبەژنی ئەم گوڵەگەنمەی خاكو
بەچرپەوە وەك چۆڕاوگەی
چاوی کانییەکیغەمگین
بەگوێی ئەم ئازارەدا ئەچرپێنێو
ئەڵێ:
ئاگر......ئاگر......ئاگر*
ئێست اتۆلەم هەناسەیەدا
هەڵچوونو داچوونی زەویو ئاسمانو
دەنکە دەنکەی قۆپچە هەڵوەریوەکانو شانو قۆڵی دڕاوی
کراسەکەی بەری خوات
بەچنگو پەنجەی شەهیدەوە
بینی...
تۆدزینی بەرسیلەی کۆڵانەکانی
ڕزگاریو
چاوشارکێو
ڕۆژباش هەیپاشاکەی بەردەرکی ماڵی خۆتانو
یەکەم وانەی پۆلی یەكو
یەکەم هەڵاوی نانیگەرمو
یەکەم ماچی دایکتو
یەکەم ئامێزی باوکتو
یەکەم شەقو زللەی
جەلادەکانیبەعسو
یەکەم پەڵە خوێنی هاوڕێی شەهیدیشت بینی،
چ فلیمێکی سینەمایی تیژڕەوە!
چۆن ئەسپێکی بەڵپەو پرسمکۆڵە!
چرکە بەچرکەی ئەم کاتژمێری تەمەنەت
ئەپێوێو
بۆنێ وڕەشبەڵەکی
شاهی شەهیدت ئەبا،
ئەمە دەروازەی مەرگێکە
ئەم ەسەفەری قوڵنگی وڵاتەو
بۆ ئەودیوو کیشوەری

تفەنگو ئاگروپێشمەرگەو
خاكو
فەقی انەشل‌بۆوەو
ڕانك وچۆغ ەخۆڵاوییەكەی
مامەیارەت ئەبا،
لەئاگر بپرسن
مەرگ چی‌یە؟
پێتان ئەڵێ:
لە دیدەنی مەرگی جوامێردا بیخوێننەوە،
لەجوامێ ربپرسن
ئازار چی‌یە؟
پێتان ئەڵێ:
بیرچوونەوەی هەزاران سەربازی وونو
شناسنامەی شەهیدو
هەزاران چاوی شووشەو
هەزاران قۆڵی پەڕیوو
هەزاران سەمای سروتی*
پێشمەرگەی چاوكیمیا كوشتوو
دڕانی ئاتەگی كەواكەی ئەم خاكی كوردوستانەیە،
ئەمەوێ لەگەڵ هەناسەی
ساردی ئەم هاوینە شەوەدا
دەستی هەریەكەتان لەكاروان
سەرای ئەم هۆبەی پێشمەرگەیەدا بگرمو
بۆپێشڕەوی ڕاگوێزانی ئەم ئازارە
كێویلەیەتان بەرم
تالەخڕمەی زیخو چەوی ژێرپێو
هەناسەی ماندووی پێشمەرگەدا
شەپۆلی ئەم دەریای خەمەئەرخەوانیەم
بەتاسەوە شڵپو هوڕ
یەك دووجار
خۆی بەكەناری بیرچوونەوەتانا ئەدا،
گوێزانەوەی هاوارێكو
ژانێكی شاخی
خۆ هەربەكۆڵی پێشمەرگەمەوە بووە
بەرد بەبەردی ئەم شاخو
هەردەیان لەگەڵ بوو
من پیرەدار بەڕوویەكی
كەڵكی قەیوان
پێی ووتم:
ووتی:
كەهاتنە خوار

جوامێر بەسەر چەند لقەدارێکی  ووشکەوە بوو
بەشەخەڵو گەڵا داپۆشرابوو
دیدەنی لەدڵۆپە فرمێسکێکی قەتیسماوی
چاوی شەهیدو
هەناسەی لەزریکەی کەروێشکە کێویلەیەك ئەچوو،
بەڵام هێشت اباوەڕی باڵای شاخێکی بەتەمەنو
چریکەی هەلۆیەکیماندوو نەناس بوو،
هەرچی ژەژەرو سەمەندەری
ئەم کەڵکەبوو...
جریوەی خۆیان بەرەووتی پێشمەرگەدا
با هەنگاوی خۆی دانیو
ئەمشاخەش لەرچۆك بۆیان دانیشت
تاقەیوانم ڕابکشێو
ئەوانیش بەسەریدا سەرکەون،
هەڵۆ ووتی:
من چەن بەرزبفڕم هێشتا چریکەم
لەیەکەم هەڵهێنانەوەی هەنگاوی
هێرشی تۆدایە،
شاخ ووتی:
من چەند بڵندبم
هێشتا باڵام لەئەژنۆی
ئەم شەش شەو ڕۆژەو
ئەم پرچو ڕیشە خۆڵاوییەو
ئەم دارەمەیتەی تۆی تێیدایتوو
ئەم وورەبەرزەی نەبەردی تۆو
ئەم دڵو هەستە ناسکەی تۆدایە،
تازەبووکێکی بەوێنە بەفرینو
ڕووخسارپەری هات
دەمی کردە ناودەمی ئازارتەوە
تێر تێر  مژیو
تاراکەی خۆی دیاری کردی،
پێشمەرگەکان
یەك...........یەك
گردبوونەوەو
سەریان نابەسەری یەکەوە
بوونە جریوەی مەلێكو
هەناوی خۆیان دیاری کردی،
کوردوستان هات
وەك خەمێکی پشت کۆڕەوەبووی
هەزار ساڵە
لەبەرپێتا دانیشت

دەستی خستە سەردەمی
زامەکەتو دەمیشی نابەگوێتەوە
ووشەی هەژاری زاڵو
سەماکی *پێشمەرگەی پێشکەش کردی،
لەم ساتەدا
بوومەلەرزەی زەمینو
قریشکەی مەلو
هاوارونالەی شەهیدو
قووتبوونەوەی تفەنگی تۆڵەو
ئەمەگناسی دروست بوو،
کەچی تۆکاتێ خەبەرت بۆوەو
چاوی وەنەوزت هەڵهێنا
تۆ بەتیلەی چاو و
بزەی ئاڵی لێوانت
دەست نیشانی هەواڵێکت ئەکرد،
سەمای گۆرانییەکت ئەکرد
هێندەی نەبرد وەك ئەوەی
هەموو زایەڵەی دونیا هاتبێتە
قورڕقوڕاگەی تۆوەو
بەگوێی ئەم خاکەتدا قیژاند
ووتت:
ئەوەمنیش بۆیادگار بەئێوە
مەدالیای فەخری کورد
قاچێکی خۆم پێشکەش کرد.،،،

پۆلا سەعید
11.08.2001

پەراوێزەکان:

* سەماك : بڵندترین شوێن
* ئاتەگ : دامێنی کەوای شۆڕ
* بەقا : وەفا
* سارە : بەرەبەیان
* وورکە ورك : نوزە نوزکردن
* هاوێر : لەیەك‌بوونی کۆرپەو دایك

* ئاگر : ووشەی نهێنی بۆبریندار بوون لەسەردەمی خەباتی سەختی شاخدا ،لەیەکێ لەمەفرەزەکانی پێشمەرگەدا بەکارهاتووە .
* سروت : لقی سەوزو ناسکی گەنم کەتازە پێئەگات
* ژەژە ر: باڵندەیەکی رانگینە لەگەورەیی کوکوختیەکدا،
* سەمەندەر : باڵندەی ئەفسانە
* ئەمەگ : وەفا